www.kurdistannet.org
21-10-2006 8:40 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان و عەبدوڵا حەسەنزادە دەیانەوێت چی کەتنێکی دیکە بدەنەوە؟ ... پێشەوا

لە لای هەموو کەس روونە کە لەساڵەکانی 1996 ی زایینی بەرەو رۆژگاری ئەورۆمان و پێش لەو رێکەوتەش یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ئێراق، رۆڵی خۆی لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چۆن گێرا!

کێ بوو کە دوو هەزار سەربازی ئێرانی بردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کێ بوو کە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی بۆ سێ مانگ داخست؟ چەبار فەرمان کە لە کاتێکدا بنێشتی لە زارا بووە وهەرەشەی داخستنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی کردووە و گوتوویەتی گەر داینەخەن هەموو بارەگاکانتان دەسووتێنم لە ژێر فەرمانی کێدا وای کردووە؟ ئایا لە مەڵبەندەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیدا نەبوو کە لە خەلەکان، دۆکان، دەروازەی شاری کۆیە، لای مزگەوتی گەورە، تاسلوجە، بازیان و زۆر شوێنی دیکە، جەستەی خەباتگێرانی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەلاڵی خوێن بوون؟ ئایا مەنسوورەکان، مەنسووری رەشە هەورامی و مەنسووری ناسری و دەیان شەهیدی دیکەی ئەو حیزبە کە لە شارەکەی حاجی قادری کۆییدا خەڵتانی خوێن کران لە کوێ گیانیان لە ئەستێنرا و لە ژێر دەسەڵاتی کێدا؟ ئایا بە راست، گەر ئەو ئاگادارییەی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کە لەسەر گووتەکانی بەرێز چەکۆ رەحیمی بلاو کراوەتەوە، راست دەکات و ئەوان ئاگایان لە هیچ کەین و بەینێکی کۆماری ئیسلامی نییە؟ قەرارگای رەمەزان دەبێ کێ بن؟ ئایا کردنەوەی " حسینیە" لە شاری سلێمانیش درۆیە؟ لە راگەیەندراوەکەیاندا ئەوان باس لە دەسەڵاتی هەرێم دەکەن! دە کوری باش، دەسەڵاتی هەرێم دەڵێت کە با ئەو رژێمە، ئەو تێکۆشەرانە لە نێو بەرێت لە نێو خاکی بەشێک لە نیشتمانە بەش بەش کراوەکەی خۆیان؟! ئەوان باس لە قەیرانی نێو حیزبی دێموکرات دەکەن، بەلاّم باس لەو قەیرانە نێوخۆییەی خۆیان ناکەن کە مەودای گرتنی کۆنگرەیەکیان پێنادات! زۆر سەیرە! ئەوان باسی باڵ دەکەن! بەلاّم ئەو قسەیەی مام جەلالیان لە بیرچوو کە ماوەیەک لەوەپێش دەیگووت: " تەکەتولچییەکان" بۆ دەرەوە!

ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە لەم باسەدا، دەبینین جاران کە عەبدوڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات بوو، ئەو هەموو کەتنانەی کە یەکێتی نیشتمانی بە سەر حیزبی دێموکراتی دەهێنا، ئەو بەرێزە، واتە، حەسەنزادە، خۆی لێ کەڕ دەکرد و هیچی نەدەگووت و هەر دەیگووت: مام جەلال برا گەورەیە! ئەوە چۆنە کە ئێستا کەسێک لە دەستگای ئەمنییەتی ئەو حیزبەدا باسێکی گشتی دەگات لە سەر ئەو بارودۆخە، دێن و دەیکەن بە بەهانە بۆ داوای لێبوردن کردنی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبە لەو شیوە دەربرینە؟ باشە گەر بە راست مام جەلال و چەند کەسێکی دیکە شووتی لە بن باڵی عەبدوڵا حەسەنزادە نانێن، بۆ لەو ئاگادارییەدا هەر دەڵێن: باڵی مستەفای هیجری و ئەو بەرێزە، واتە کاک چەکۆ رەحیمی بە نوێنەری حیزب نازانن!؟ گەر دەستان لەو کێشەیەدا نییە، بۆ کاک چەکۆ وەک کەسێک لە دەرەوەی بازنەی ریبەرایەتی ئەو حیزبە دەناسن!

گەر بە راستی دەستتان لەو کێشە نانەوەیە نییە، بۆ لە خۆتان بە شکن؟ خۆ رێبەرایەتی ئەو حیزبە نەیگووتووە کە ئێوە دەستان لەو کێشەیەدا هەیە! ئێوە خۆتانن کە وەک کورد دەڵێت: ترشکە لە خۆی شکە! هاتوونەتە ناو ئەو کێشەیە. ئەو ئاگادارییەتان و شێوەی دارشتنی ئەو ئاگادارییەتان ئەوە بە باشی دەردەخەن! کاک چەکۆ رەحیمی خۆ ناتوانێت لە بەر ئەوەی جەنابی ئێوە نەرەنجێن، وەک مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە کە ئێستا بووە بە پیاوی ئێوە، لە باسەکان خۆ بدزێتەوە و هەر ئافەرین و بەڵێ قوربان بە ئێوە بڵێت! ئێوە زۆر بە پەرۆشن بۆ ئەوەی مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە لە رێبەرایەتی ئەو

حیزبەدا بێت! بۆ؟ ئایا بۆ ئەوەی قەت خەڵکانێک نەبن کە هەڵەکانتان بە نێو چاوانتانا بدەنەوە؟ ئایا بۆ ئەوەی کە رووی راستی هەندێک لە رێبەرانی ئێوە وەدەر نەکەون؟ ئایا بۆ ئەوەی پێوەندییە نهێنییەکانتان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا بشارێتەوە؟ ئایا بۆ ئەوەی کە باس لە هەڵە سیاسیە، مێژووییەکانی هەندێک لە رێبەرانتان نەکرێت و بەردەوام هەندێک لە ئێوە هەرکات پێتان خۆش بوو، رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بفرۆشن؟ باسی ئەوەتان کردووە کە ئەوە حکومەتی هەرێمە سەرپشکە لە هەموو کێشە و چارەسەرییەکدا! کەواتە هەر بە پێی ئەو قسەیەی خۆتان، کاک چەکۆ رەحیمی پێویست ناکات، داوای لێبووردن لە ئێوە بکات گەر بێت و داوای لێبووردنیش بکات! باس لەوە دەکەن کە ئەوان وەک پەنابەری سیاسی لێرەدا دانیشتوون! کەواتە هەمدیسان ئەوە حکوومەتی هەرێمە کە لەو بابەتانە دەکۆڵێتەوە، نەک کۆمەڵێک کەس لە نێو یەکێتی نیشتمانیدا!

ئایا ئێوە ئەو هەڵوێستانەی کاک چەکۆ توورەی کردوون یان ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە نێو حیزب دێموکراتدا هاتوونەتە پێش کە بە قازانجی ئێوە نین!؟ ئێوە و عەبدوڵا حەسەنزادە بەرپرسن لە پێوەندی لە گەڵ رژانی تنۆکی بە تنۆکی خوێنی رۆڵەکانی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان! بە هۆی ئەوەی کە ئێوە راستەوخۆ دەستتان هەبووە لەو کردارە پڕ لە خیانەتانە و مەلا عەبدولاش نەیهێشتووە ئەو شتانە بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان باس بکرێن! سەیرە! جاران راستەوخۆ بە پێی قسەی ئایەتولاکانی تاران لە شەقامەکانی سلێمانی کە بەشێکە لە وڵاتە بریندارەکەمان، خەڵتانی خوێنتان دەکردین! ئێستا پیلانتان چییە؟! ئایا خۆتان تێرتان نەخواردووە یان کۆماری ئیسلامی ئێران تێری نەخواردووە؟ وا دیارە لەو یاری شەترەنجەدا کە عەبدوڵا حەسەنزادە قەڵای ئێوە بوو، کیش و مات بوونە بۆیە ئێستا جارێکی دیکە دەتانەوێت بەهانە بدۆزنەوە بۆ زیاتر شەهیدکردنی رۆڵەکانمان!

ئێوە بە دوای بەهانەدا دەگەڕێن! دەنا، نە قسەکانی کاک چەکۆ رووی لە ئێوەیە و نە ئەو هەواڵەی کە بڵاوکرابووەوە لە ماڵپەڕی کوردستان تێڤیدا بۆچوونی حیزبی دێموکرات بووە! ئێوە دەتانەوێت ئەوە بکەنە بەهانە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رێگای فرۆشتنی رۆڵەکانی ئێمە کە لە باشووری کوردستاندا نیشتەجێن و خەبات دەکەن، بدۆزنەوە!

لە هەوڵێکی چەواشەکارانەی خۆتاندا دەتانەوێت وا بنوێنن کە گووتەکانی کاک چەکۆ نێو وناتوورەی خراپ دەدات بە گەلی کورد لە باشوور وحیزبە سیاسیەکان! سەیرە! ئێوە بیرتان لەوە کردۆتەوە کە چەندەتان درۆ لە گەڵ گەلی کورد لە باشوور کردووە؟ بیرتان لەوە کردۆتەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چەندە خاوەن رێز و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە باشووری کوردستاندا؟ بۆ دەتانەوێت بە قەوڵی خۆتان، دەستی چەوری خۆتان بە خەڵکی دیکەدا بسڕنەوە؟!

کورد دەڵێت: قەل بە قەل دەڵێ رووت رەش! بڕۆن مێژووی کورتی تەمەنی پارتەکەتان هەڵسەنگێنن، بزانن چەندی بە چەندە! بڕۆن لە سەعدی ئەحمەد پیرە بپرسن کە 35 ملیۆن دۆلاری لە کوێ بوو کاتێک پاش وەدەرکەوتنی فایلەکەی هەڵات بۆ دەرەوە و پاشان بە هەڕەشەیەک گەڕایەوە؟ قەت ناتوانن، نەک بەو راگەیەندراوەتان، بگرە بە هەموو مێدیاکانتانەوە، خۆشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دڵی گەلی کورد لە باشووری کوردستان کەم کەنەوە! قەتیش ناتوانن وەک جاران سپا وبەسیجی رژێمی کۆماری ئیسلامی بهێننەوە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە دەبن بە رۆڵەکانی ئێمە! ئێوە جاران بە نهێنی مەلا عەبدولاتان دەدایە ژێر سێبەری خۆتان و پیلانتان دادەڕێژا بۆ تێکدانی بارودۆخی سەرکەوتووی ئەو حیزبە و رۆڵی رێبەرایەتی نوێی ئەو حیزبە! بەڵام ئێستا ئێوە کە زانیتان ئەوە بە کەڵک نایە، بە ئاشکرا، دەتانەوێت وەک جاران، بکوژن، ببڕن و ئەو حیزبە بکەن بە نۆکەری

سیاسی خۆتان لە رێگای مەلا عەولای حەیاکییەوە! بەڵام ناتوانن! گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و لە باشووری کوردستان زۆر لەوە وریاترن کە ئەو درۆ و دەلەسانەی ئێوە قەبووڵ بکەن. ئەوە بزانن کە هەر شێوە هەڵەیەکی دیکەتان، وەک ئەو سەدان کردارە دزێوانەتان دژی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە مێژووی ئێوەدا جێدەگرێت و ئێوەش ناووناتوورەیەک لە مەلای خەتی زیاترتان پێنابڕێت!

لە باتی ئەوەی داوای ئەوە دەکەن کە حیزبی دیموکرات داوای لێبووردنتان لێبکات، ئێوە داوای لێبووردن لە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بکەن کە کاتێک رۆڵەکانیان دەیانەویست بۆ پشتیوانی لە ئەوان لە سلێمانیدا رێپێوانی ساز بدەن لە کاتی رێپێوانە بەرینەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، هاتن و نەک هەر ئەو رێپێوانەتان تێکدا، بگرە پۆلیس و ئاسایشی ئێوە ئاڵای کوردستانیشیان خستە ژێر پێ!

لێرەدا قسەی لاوێکی کورد وەبیردێنمەوە کە لە وڵاتی سووئد نیشتەجێیە و ئەوکات لە باشووری کوردستاندا بووە و لەو رێپێوانەی سلێمانیدا بەشدار بووە کە ئێوە ئاڵای کوردستانتان لە ژێرپێ ناوە!

ئەو لاوە لە ووتووێژێکی رادیۆیدا لە گەڵ رادیۆ لاوان لەو وڵاتە دەیگووت:

وامدەزانی کوردستان یەک کوردستانە و پێموابوو دەتوانین لە سلێمانیدا رێپێوان بۆ پشتیوانی لە براو خوشکەکانمان بکەین! بەڵام نەمزانی کە هەر پۆلیس و ئاسایشی کورد لێمان دەدەن و ئاڵای کوردستانیش وەژێرپێ دەنێن!

چیتان پێیە بۆ ئەو لاوە، مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان؟ بۆ داوای لێبووردنی لێناکەن؟

ئێوەن کە دەبێت داوای لێبووردن لە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بکەن، کە تا دوێنی و لە بەر قسەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش نەبا، ئێستاش ئاڵای عێراقتان هەر بە سەر هەڵەبجە و ئەنفالییەکان و دانیشتووانی دەشتی کاکی بە کاکی گەرمیاندا بە شەکاوەیی دەهێشتەوە!

ئێوە داوای لێبووردن بکەن کە بەرپرسی یەکەمتان، واتە مام جەلال، لە ئوسترالیا لە سەردانێکیدا کە لەوێ بوو و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە کورد و چەند دانەیەک لە عەرەبی ئامادەبووی ئەو کۆبوونەوەیە، کاتێک دیتی ئاڵای بەعسی لە سەر مێز نییە و تەنیا ئاڵای کوردستان لە سەر مێزە، گووتی ئەو ئاڵایە لابەن، گەر ئاڵای عێراق لێرە دانەنراوە. لە سەر بڕیاری ئەو ئەندامانی کۆمیتەی ئوسترالیای خۆتان، بە پێچەوانە مەیلی خۆیان، ئاڵای کوردستانیان لابرد!

بە حیزبی دێموکرات مەڵێن، داوای لێبووردن بکە! بڕۆن بۆ ئەوەی بزانن کە حیزبی دیموکرات کێیە، لە زاری مەحموود عوسمانەوە ببیسنەوە کە چۆن باسی ئەو حیزبە دەکات!

نەک هەر شەرم بکەن لەوەی کە داوای ئەوە دەکەن کە حیزبی دێموکرات داوای لێبووردنتان لێبکات، بگرە بە خۆتاندا بچنەوە و وا مەزانن کە ئیدی کەس ئاگای لەو ملهوڕییانەی ئێوە نییە و دەتوانن وەک جاران بە کەیفی خۆتان بکوژن و ببڕن و باستان نەکرێت! ئەوە بزانن کە گەر بێت و فشار بخەنەوە سەر ئەو حیزبە، تووشی قەیرانی گەورە دەبن!

لێگەڕێن با رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ خۆیان کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن و ئێوە عەبدوڵای حەسەنزادە لەوە زیاتر وەک مۆرەی شەترەنج، یاری پێمەکەن!

مەلا عەوڵاش با باش بزانێت کە مێژوو و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو نۆکەری کردنەی ئەو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆش نابن و با لەوە زیاتر نەبێت بە پیاوی مام جەلال!

پێشەوا!

رێکەوتی 20. 10. 2006 ی زایینی